بۆکان لە مێژوودا (٢٣)          ئەنوەر سوڵتانی

## میسری خانم

هەمووومان ناوی چوار ئەفسەرە شەهیدە کوردەکەی باشوری کوردستانمان بیستوە کە بۆ یارمەتی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا هاتنە مەهاباد و بۆکان و پاش گەڕانەوەیان بۆ عیراق، بەدەست حکوومەتی پادشاهی عیراق ئیعدام کران : قودسی، خەیروڵڵا، مستەفا خۆشناو و عزەت عەبدولعزیز، یادیان بەخێر بێت!
بەڵام واهەیە کەم لە ئێمە بزانین کە هاوسەری یەک لەو چوار ئەفسەرە قارەمانە، خانمێکە بە ناوی میسری خانم کە یەکەمین مامۆستای ژن بوە لە بۆکان !
بەگوێرەی وت و وێژێک کە لە گۆڤاری "مەهاباد"دا بڵاوبۆتەوە، میسری خانم دەڵێ خەڵکی مەهاباد بوە و پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی کۆمار دا ناردوویەتە بۆکان و لەوێ بۆتە مامۆستای قوتابخانە. ناوی تەواوی "میسری حەسەن زادە" بوە و پاشان لە بۆکان شووی بە "محەممەد ئەحمەد قودسی" ئەفسەری کوردی خەڵکی سلێمانی کردوە و چۆتە سلێمانی . دوای شەهید بوونی قودسیش گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات و لە بۆکان شوی کردۆتەوە.
لە وت و وێژەکەدا، میسری خانم کە بەختەوەرانە ئێستا لە حەیات دایە و لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا لە بۆکان دەژی، باسی ئەو سەردەمەی بۆکان، مەدرەسەی تێکەڵاوی کچ و کوڕ، مامۆستاکان و گەلێک مەسەلەی دیکە دەکات کە جێگەی سەرنجن و بەشێکن لە مێژووی بۆکان.
ئەوەی من دەتوانم لەوت و وێژەکەی زیاد بکەم ئەوەیە، بەڕێز میسری خانم لە بۆکان مێردی بە کاک حسین ئازەری (حوسێنە کۆڵ) کردوە و ئێستاش لەو مێردەی منداڵی هەن.

گۆڤاری "مەهاباد" ، چاپی مەهاباد، ژمارە ٥٦، خەزەڵوەری ١٣٨٤ (نۆڤەمبەری ٢٠٠٥)، لاپەڕە ٨تا١٠